# یادی قاڕنێ و قەڵاتان لە کۆڕێکدا

دوا نیوەڕۆی ئەمڕۆ سێی سێپتامبر بە بەشداریی جەماوەرێکی بەرچاو لە رووناکبیران و خەڵکی شاری سلێمانی کۆڕێکی فراوان بۆ یادی قوربانیانی کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی ئاواییەکانی قاڕنێ و قەڵاتان گیرا. کۆڕەکە سەرەتا بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ یادی شەهیدانی ئەو کارەساتە و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادیی کوردستان دەستی پێ کرد و دوای ئەوەی بێدەنگی بە سروودێك شکا، بەڕێز ئارام مودەڕیسی پێشکەشکاری کۆڕەکە کورتەیەکی سەبارەت بە مێژووی کورد قڕان پێشکەش کرد.



بە شوێن ئەودا پەیامی رێکخراوی چاك لە لایەن بەڕێز مستەفا زاهیدی نوێنەری رێکخراوەکە خوێندرایەوە.دواتر سیاسەتمەدار و رووناکبیری گەورەی کورد مامۆستا سەلاحەدینی موهتەدی باسێکی سەبارەت بە کوشتارەکەی خەڵکی قاڕنێ و قەڵاتان پێشینە مێژووییەکانی ئەم کارەساتە پێشکەش کرد کە لە لایەن بەشداربووانی کۆڕەکەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا. دوای ئەو قسەوباسە لە لایەن بەڕێز ئەنوەر محەمەدی لێپرسراوی پەیوەندیەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران خوێندرایەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



دواتر كاك محەمەدی حەسەن خاڵی خاوەنی چەندین بەڵگە و فیلمی دێكۆمێنتی بە كورتی بە میوانانی كۆڕەكە ناسێنرا.لە بەشێكی دیكەی كۆڕەكەدا پەیامی هەواڵنێریی كوردستان لە لایەن وتەبێژی هەواڵنێریی خوێندرایەوە. هەروەها هونەرمەندی ناسراوی كورد كاك ناسری رەزازی سروودێكی بۆ ئەم یادە پێشكەش كرد و كۆڕەكە لە ئەنجامدا بە نمایش كردنی هەڵبژاردەیەك لە فیلمەكانی كاك محەمەد كۆتایی پێ هات.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com